# تەسریحەکانی قژ
# بۆ ساڵی (٢٠١٢)





شـــێوازی تەســـریحەکان گرنگی و جوانی خۆی هەیە، هەروەها دەبێ هەر خانمێك جۆر و شێوازی قژی خۆی بزانێ و هەروەها دانانی چ ســـتایلێك زیاتر جوانتـــری دەکات، ئەمەش بەگوێرەی کاریگـــەری و تایبەتمەندی قژەکەوە، لەگەڵ هەڵبژاردنی جۆری تەســـریحە و ڕەنگ و یان ئەو جۆرە بەســـتن و هەڵگرتنە کە ئەوانەش هەنگاوێکی گرنگن لەجوانکاری قژ و دانانی تەسریحەیەك کە جوانی قژ زیاتر و ڕازاوەتر بکات، هەر وەرزێك کۆمەڵێك مۆدە و تەسریحە و ستایلی تازەی قژ دادەهێنێ، بۆیە گرنگی دان بەتەسریحەکانی قژ، ئەرکێکی سەرەکییە بۆ زیاتر ئامادەکاری لەجوانی و پارێزگاری لەو ئاستە جوانییەی قژ، بە واتای بەردەوام ئاگادار بوون لە مۆدەی قژت و ڕێگەگرتنیش لە کاریگەرە دەرەکییەکان کە دەبنە هۆی تێکچوون و شێواندنی جوانی قژت، هەر ستایلێك لەمۆدەکانی قژ بەگوێرەی جۆرە قژێکەوە ئامادە دەکرێ، مەبەســـت لەوەش ئەوەیە قژی هەر خانمێك جۆرە مۆدە و تەسریحەیەکی دیاریکـــراوی بۆ دەبـــێ و ناکرێ مۆدەکان تێکەڵ بکەیـــن، ئەو چەند مۆدەیە بریتییە لە جۆرەها تەســـریحەی جۆراجۆر، هەوڵبدە شـــێوازی جوانی قژت لەگەڵ یەکێك لەو جۆرە مۆدانە بگونجێنی و جۆرێك لەو تەسریحانەی بۆ ئامادە بکە، کە تەسریحەی ســـا ڵی داهاتووی (٢٠١٢)یە.







# کەرەستەکانی چێشت لەنێوان جوانی دیکۆر و بەکارهێناندا

کەرەســـتەکانی ماڵ، لەنێـــوان پێویســـتی بەکارهێنانیـــان و جوانییان جۆرە پێشبڕکێیەك دروست دەکەن و ئەمەش بە گوێرەی جوانی و گرنگی ئەو کەرەستانەوە، بۆیە هەر یەکە لەو کەرەستانە گرنگی خۆیان هەیە و جێگەیەك داگیر دەکەن و دەتوانن ڕۆڵی خۆیان هەبێ لە جوانی دیکۆری ماڵدا، یەکێك لەو کەرەســـتە گرنگەی کە بۆ بەکارهێنان و دیکۆر کاری پێدەکرێ، بریتییە لە کەرەستە و کەلوپەلی چێشت. چەندین لایەنی گرنگ هەیە لەو کەلوپەلانەوە، ئەویش: جوانی شێوە و ڕەنگ و جۆری کەرەستە و کەلوپەلەکانە، کە هەر یەکە بە گوێرەی شوێنی دانان و بەکارهێنانی شوێنی خۆی دەبێ، کەرەستەکان بەجوانترین شێوە شوێنی خۆیان دەکەنەوە لەجوانکردنی ماڵدا، لەو کاتەی لەسەر شوێنی نان خواردن دادەنـــرێ بۆ خواردن، یـــان وەك دیکۆرێك لەژووری چێشـــت دیمەنێکی جوان و ڕازاوەی دەبێ، بەم جۆرە دەکرێ ســـوود لەجوانی کەرەســـتەکانی خواردن وەربگرین کە وەك دیکۆر و کەرەستەیەکی بەکارهێنەر لەناو ماڵدان.








# بازنگە نیوبازنەییەکان لە کوردستان

**ئێکسسواراتی جوجو - هەولێر**

ئێکسسوارەکان بە گشت شێوەیەك جێگەیەکی جوانی و ڕازاوەیێن لە جەستەی خانماندا دەکەنەوە و هەمیشە وەك بەرهەمێکی گرنگ دادەنرێن لە بواری جوانکاری و مۆدەی خانمانەوە، ئەمەش بە گوێرەی ئەو کەرەستەیە دەبێ کە بەپێی پێویست دەپۆشرێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئێکسسوار هەر یەکە لەگەڵ مۆدەکانی سەردەم هەنگاو دەنێ و ستایلی تازەی لە ماوەیەکی نزیکدا لێی دەردەکەوێ، ئێکسسواری بازنگ یەکێکە لەگرنگترین ئێکسسوارەکان کە جێگەی ناسکی خۆی دەنوێنێ لەسەر دەستی خانمان، لەکوردستانیش مۆدەی ئەو ئێکسسوارە ڕۆژانە یان لە ماوەیەکی نزیکدا گۆڕانکاری بەسەردا دێ و کچانی کوردیش لە مۆدە تازەکان خۆیان بێبەش ناکەن و شێوەی تازە دەپۆشن، لێرەدا یەکێك لە جوانترین تازە مۆدەکانی ئێکسسواری بازنگی شێوە لار، ئەوەی کە لەلایەکەوە جیاکاری بۆ کراوە و لە شێوەی بازنەی تەواو نییە، ئەمەش جۆرێکە لە ستایلەکان کە جێگەی سەرنجڕاکێشی و تازەگەری دەنوێنێ، بە جۆرێك لە مۆدە و تازەگەرییە جوانەکانەوە خۆی دەخاتەڕوو، کچانی کوردیش داوای دەکەن و لە دەستە جوانەکانیاندا دەیپۆشن.

# جوانی جلوبەرگی منداڵەکان ئەرکێکی پێویستی خانمانە





گرنگی دان بە گشت کەرەستە و بەشەکانی ماڵ، یەکێکە لە هەنگاوە پێویست و ئەرکەکانی سەرشانی خانمان، کە بە گوێرەی تایبەتمەندی و بیرکردنەوەی خۆیان کاری بۆ دەکەن، لێرەدا لایەنێکی گرنگ هەیە کە ئەرکێکی لەهەمووان گرنگترە، ئەویش گرنگی دانە بە جلوبەرگ و پاك ڕاگرتنی منداڵە بچووکەکان، کە ئەمەش دەبێتە ئەرکێکی قورس، بەتایبەت لەو کاتەی منداڵ پێویستی بە ئەرك و ماندوو بوون و پارێزگاری کردنە، لێرەدا یەکێك لەو ئەرکانەی کە بۆ منداڵان دەبێ هەبێ، ئەویش هەڵبژاردن و پاك ڕاگرتنی جلوبەرگەکانیانە، لە وەرزی زستان بەهۆی ئەوەی منداڵان جلی زۆریان لەبەر دەکرێ و هەروەها بەهۆی زیاتر جووڵەکردنیان تووشی ئارەقە ڕشتن دەبنەوە، ئەمەش وادەکات کە بۆ ماوەیەکی نزیك جلەکانیان بگۆڕدرێ و جلێکی پاکیان لەبەر بکرێ، هەروەها دەست نیشانکردنی ئەو جۆرە جلەی کە پێویستە بۆ منداڵەکە، لە ڕەنگ و مۆدەیەکی تایبەت بە منداڵانە و ڕەنگاوڕەنگەوە نزیك بێ، ئەمەش وادەکات دیمەنێکی شایستە و ڕازاوە بە منداڵەکان ببەخشێ و بە جلەکانیانەوە بنازن.



# ڕەنگە شایستەکان بۆ بۆیەکردنی قژ

ڕەنگ یەکێکە لە کاریگەترین هۆکارەکانی جوانی، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە بواری جوانکاری و مۆدەدا، کە لەگشت بەرهەم و بەشەکان بەکاردەهێنرێ و گرنگی و تایبەتی خۆی هەیە، کاتێك دەڵێین گشت، واتە لە بوارەکانی ئێکسسوار و جلوبەرگ و جەستەی مرۆڤ و قژەوەش کاریگەری خۆی هەیە، لێرەدا باس لەو ڕەنگانە دەکەین کە بۆ بۆیەکردنی قژهەڵدەبژێردرێت، ڕەنگی قژ کاریگەرییەکی تەواوی هەیە لە جوانی قژەکە، بەهۆی ئەوەی لە قژدا دوو لایەنی سەرەکی ڕۆڵیان لە جوانکردنی قژ هەیە، ئەوەی یەکەم ڕەنگەکەیە، دووەمیش ستایل یان جۆری تەسریحەکەیە، بەڵام جوانی قژ زیاتر کاریگەرە بە ڕەنگەکەی، چونکە ڕەنگ لە دوور و نزیکەوە دیار دەبێ، لە بەرامبەردا ستایل و شێوەکەی لە نزیکەوە دەردەکەوێ، ئەو چەند ڕەنگە بریتییە لە ڕەنگی ستاندارد واتە ڕەنگی ئامادەکراو و تایبەت بۆ قژ، کە دەتوانن یەکێك لەو ڕەنگانە هەڵبژێرن کاتێك جۆرە ڕەنگێك بۆ بۆیە کردنی قژەکانتان هەڵدەبژێرن.

# خەرماشە ئامێرێکی کوردەواری و بەسوود



کەرەستە کۆن و بەنرخەکانی کورد، لەدێر زەمانەوە کاری لەسەر کراوە و بیرۆکە کۆنەکانیش هەردەم بیرۆکەی جوان و کاریگەر بوونە، یەکێك لەو ئامێرە کۆنانەی کە لەسەردەمانی پێشوودا دروستکراوە، ئەویش بۆ جووتکردن بەکاردەهێنرا، کە بریتیی بوو لە سێ داری بەهێز و ئەوەی خوارەوەی تیژ دەکرا و ئیتر لە ئێستر و گا دەخسرا، بۆ جووت و کێڵانی کێڵگەکان، تا ئەو کاتەی ئامێرێکی دیکە دروستکرا کە پێی دەگوترێ (خەرماشە)، ئەو خەرماشەیە بۆ کاری کێڵانی زەوی بەکاردەهێنرێ و زیاتر بۆ کاری جووت کردن بەکاردەهێنرا وەك هەنگاوێکی سەرەتایی بۆ کێڵانی زەوی کە ئەویش بەواتای سەراوژێرکردنی زەوی بۆ درێژی پێیەك یان کەمتر لە مەترێك، ئەمەش بۆ ئەوەی خۆڵەکە سەراوژێر ببێ و دواتریش دانەوێڵەی بەسەردا بکرێ تاوەکو دەنکی دانەوێڵەکان بکەوێتە ناو بۆشاییەکانی کێڵانەکە، لە خەرماشە چەند ئاسنێك هەیە کە لەشێوەی بازنەیە دەبێ و ئەمەش کاری کێڵانەکە دەکات و پێی دەگوترێ (گاسن)، هەر خەرماشەیەك چەندین گاسنی هەیە دوای ئەوەی زەوییەکە دەکێڵدرێ و ئیتر بە ئامێری چاندن کە لەدواوەی چەند ئاسنێك هەیە پێی دەگوترێ (سێر) ئەمەش کاتێك دانەوێڵەکە دەکەوێتە خوارەوە و سێرەکانیش خۆڵەکە ورد دەکەن و ئیتر دانەوێڵەکە دەکەوێتە ژێر خۆڵ و دەڕوێت.

# پێڵاوە سەیرە پاژنە بەرزەکان

کەرەستە سەیرەکان، بەچەندین دیمەن و شێوەی سەیر دروست دەکرێن، ئەمەش لەکاتێکدا جێگەی سەرسوڕمانی و گرنگی خەڵك دەبێ، کاتێك لەو کەرەستە تازانە دەڕوانن لەوەی کە چۆن بەکاردەهێنرێ و کاری پێدەکرێ، یەکێك لەسەیرترین بەرهەمەکانی پێڵاوی ئافرەتان بۆ ساڵی (٢٠١٢) بریتی دەبێ لە بەرزترین پێڵاوی پاژنە بەرز کە بەشێوەیەکی ستوونی دروستکراوە و تەنیا ئەگەر کەسێك بیەوێ خۆی ئازار بدات، ئینجا دەتوانێ ئەو جۆرە پێڵاوە لەپێ بکات.



# مریشکی بێ تووک ببینە!

هەردەم مریشکمان بینیوە بە زیندوویی و بە تووکەوە، یان تەنیا خانمان کاتێك مریشك چاك دەکەن بۆ چێشت، تووکەکەی بە ئاوی گەرم لێدەکەنەوە و لەو کاتەدا کە سەربڕاوە، بەڵام دەبێ شێوەی مریشك و کەڵەشێر چۆن بێ ئەگەر زیندوو بێ و تووکی پێوە نەبێ، بێگومان دیمەنێکی سەیرە و هەزەلییە، لەم وێنەیەدا مریشکێکیان هێناوە و لەکاتی بە تووك وێنەیان گرتووە و دوای ئەوەی تووکەکانی جەستەی هەڵدەوەرێ بەهۆی نەخۆشی و ئیتر گشت تووکی مریشکەکە لێدەکەنەوە و بۆ جا رێکی د یکە ش وێنەیان گرتووە، جیاوازییەکان ببینە.





## گەنجێکی بێ بەخت!

یەکێك لە یارییە هەرە خۆشەکانی جیهان، کە ساڵانە ڕۆژێك لە وڵاتی ئیسپانیا ئەنجام دەدرێ، بریتییە لە یاری بەرەڵاکردنی (گا) سەر شێتەکان بە نێو کوڵان و شەقامەکانی ئەو وڵاتەدا، لەم کاتەوە هەر یەکە خەریکی خۆ دەربازکردنی خۆیەتی تاوەکو لە شاخە گەورەکانی (گا) سەرشێتەکان بە دوور بێ، کەچی وادیارە ئەو بەد بەختە دەکەوێتە داوی شاخەکانەوە و ئەوەی سەیرە لێدانی شاخێکی ئەو (گا)یە زۆر بە ئازار دەبێ، زۆر جار بەر هەر کەسێك بکەوێ، دووچاری شکان بۆتەوە.

## شەڕە وشتریش پەیدا بوو

زۆربەمان بێگومان شەڕە کەڵەشێر و سەگ و کەومان بینیوە، بەڵام وادیارە شەڕەکان بەرەو شێوازی تازە ڕێگەیان گرتووە و کاری تازەی لەسەر کراوە، ئەوەی دەیبینن بریتییە لەشەڕە وشتر، کە یارییەکی تازەیە و کە هەر یەك لە وڵاتانی: یەمەن و ئەفگانستان و سۆماڵ ئەنجامی دەدەن، کە وشترە سەر شێتەکان دەهێنن و کاری شەڕکردنیان پێدەکەن، ئەمەش دەبێتە یەکێك لەو یارییە سەیر و خۆشانەی کە جەماوەرێکی تایبەتی هەیە، ئەوەی سەیرە وشتر گیانداریکی بێ زیانە و کەم شەڕ دەکات، کەچی لەم یارییە بەلێدان و هێرش کردن شەڕی پێدەکەن.






هاوار، شام ١٩٣٢

## هەگبەی ڕۆژنامەگەری کوردی گۆڤاری هاوار

**ئامادەکردنی : جەمال خەزنەدار**


گۆڤاری هاوار، شام، ١٩٣٢

گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بووە. خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەری بەرپرسیار (مودیری مەسئوول)ی پێدەگوترا (میر جەلادەت عالی بەدرخان)، لە ساڵی (١٥ی گوڵان ١٩٣٢) و لە شام دەرچووە، ئارمی گۆڤار بەمجۆرە نووسراو بوو:

لە بەشی سەرەوەی لاپەڕە، لە ناوەڕاست بە خەتێکی درشت نووسراوە (هاوار)، هەروەها لە ژێرەوەشی نووسراوە (کوملا کردی)،


ئامانج لە دامەزراندنی گۆڤاری هاوار، هاوار دەنگێکە بۆ زانین و خۆناسینی گەلی کورد وەکو خاوەن ئیمتیاز لە ١٥ی مانگی گوڵانی ساڵی ١٩٣٢ پارچەیەك بڵاودەکاتەوە و نووسیویەتی:

**(هاوار دەنگی زانینێیە، زانین خوە ناسینە، خوە ناسین ژمرە ڕێ یا فلا و خوشێی ڤە دکە.**
**هەر کەسێ کو خوە ناس دکە، د کارە خوە بدە ناس کرن.**
**هاوار مە بوی هەر تشێ هە بینا زمانێ مەدی بدە ناس کرن. لوما کو زمان شەرتا هەیبەتی ئاپشتینە.**
**هاوار ژ و پێڤە ب هەر تشتی کو کوردانی و کورییەتی پێ بەند وارە دی مژول ببە).**




## یاری پیت دۆزینەوە

**لەم چەند چارێگە نیوەیەك هەیە، بۆ ئاستی زیرەكیت و لە ماوەی تەنیا (١٠) چركەدا بە ورد بوونەوەی چاو ئەو پیتە جیاوازە بدۆزیتەوە!**



## یاری وێنە




**لەم كۆمەڵە خەڵكە، تەنیا كەسێك قژی سپییە هەوڵبدە بیدۆزیتەوە!**

### كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩




هاوڕێیەكـی بـێ ئەمەكت هەوڵ دەدات لەگەڵ خێزانەكـەت نێوانتان تێك بـدات، ئاگاداری بـە، چونكە خێزانەكەت تۆیان زۆر خۆش دەوێت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠




هەوڵ بدە سەرقاڵی كاروباری خۆت بیت و واز لەكاروباری خەڵكی بهێنە، بەدەسـت گرفتێكـی خێزانی دەناڵێنـی، گرنگی بەخێزانەكەت بـدەو ئەوانت لەخەڵكی تر خۆش بوێت.

### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



ئەو سـەركەوتنەی بەدەستی دەهێنیت زۆر شـتت بۆ ڕوون دەكاتـەوە، ڕای خەڵكیش بەرامبەرت دەگۆڕێ، تۆش بزانە چـۆن مامەڵە لەگـەڵ خەڵكدا دەكەیت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



ڕۆژگار زەردەخەنەت بۆ دەكات، دەرفەتی ژیانێكی سـۆزداری ڕاسـتەقینەت بۆ دێتە پێش و لەدەست خۆتی مەدە، بەڵام ئاگاداری تەندروستیشت بە.

### شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢



تۆزێك دەست بگرە بەخەرجییەكانتەوە، ئەگینا بـاری داراییت بەرەو خراپی دەچێت، ئاگاداری تەندروسـتیت بە، دان بەخۆتدا بگرە، خەرجیەكانت كەم بكەوە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



بە ئاگاداریيەوە هاوڕێكانت هەڵبژێرە، دەرفەتێكی سـۆزداریت دێتە پێش، هەروەها بە هاوڕێیەكی لەمێژینەت شـاد دەبیت، زۆر دڵت پێ خۆش دەبێت.

## بۆ زاخـاوی مێشك

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (گوڵان) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەكیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیكارە بدۆزیتەوە..

|   |   |   |   |   |   |   |
|---|---|---|---|---|---|---|
|   |   |   |   |   |   |   |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بكەرەوە كە لە كۆتایی ناوێكت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەكدا ناوەكە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانكاریانەی خوارەوە :

**ئاسانكاری**

- پیتی خانەكانی (١+٢+٣+٤) كۆ بكەیتەوە بە مانای (ڕەنگێكی جوانە و هێمای ڕەنگی پارتی دیموكراتی كورستانە)
- پیتی خانەكانی (٤+٥+٦+٧) كۆ بكەیتەوە بە مانای (شوێنێك چۆلەوانی بێ و كەس لێوەی نەژی)
- پیتی خانەكانی (٤+٥) كۆبكەیتەوە بە مانای (كۆی دوو پێنج)
- پیتی خانەكانی (٣+٢+١) كۆ بكەیتەوە بە مانای (ئەو شوێنەی دارو باری لێدەچێنرێ و بەرووبوومی دەبێ)



## ئاسۆیی:

١- پەندێکی کوردییە
٢- ئامێرێکی دار بڕینە – ڕۆح – ١-٢ سارا.
٣- قەننەیە بە تووتن دادەپەستن -لە مەرەز دروست دەکرێت – نادیار.
٤- هەناو(پ)- دوو پیتی جیاواز- ١-٢ی مایە.
٥- وەکو یەك – گۆرانی بێژێکی مەسیحییە(پ).
٦- دەست پیس- باوەڕ.
٧- نازناوی شاعیرێکی کوردە.
٨- یەکێکە لە تەوەرەکانی فەلەك_ خوری ڕێڕاو- گوند.
٩- وڕ(پ)- ژمارەیە.
١٠- وەکو یەك- چیا- خواردنێکە.
١١- برای هارو نەرەشید بوو- منالی برا(پ).
١٢- دە لەسە- وەکو یەك- شاعیرێکی کوردە.

## ستوونی:

١- وەکو یەك – هەرمی کیوی- دۆشاو بە زمانی عەرەبی(پ).
٢- ناوی کۆنی دەوڵەتێکی ئەوروپییە(پ)- وەکو یەك- سەلك.
٣- تۆز و خۆر- نەهەنگ – ئامرازی بانگ کردن.
٤- کول- شوێنی عیبادەتە- تۆزێکی ڕەشە بۆ جوانی چاو بەکاردێ.
٥- زەردەخەنە(پ- گیانلەبەرێکی فیڵبازە.
٦- در- وەکو یەك – برنج بە دۆشاوی تەماتە.
٧- دروست- مێوەیە(پ).
٨- ناوی یەکەم ڕۆژنامەی کوردییە- برین(پ).
٩- وەفا(پ)- ناوی کچانە.
١٠- وشەی دواندنی پیاو(پ)- ١-٢ی سۆما- لە خورماو ترێی دروست دەکرێ.
١١- ناوی دەربەندێکە لە کوردستان- ١-٢ی کەرە.
١٢- ناو قەد(پ)- گۆڕ.

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی شارێکی کوردیت بۆت بۆ دەربچێ.

ی ێ ل ن م س ا

وەڵامی ژمارەی پێشوو (ئامێدی)




## نوکتە

- کچێک عاشقی دکتۆرێک بووە و هەموو ڕۆژێک دەچێتە خەستەخانەکەی. ڕۆژێکیان ناچێت. دکتۆرەکە خێرا تەلەفونی بۆ ئەکا و پێی ئەڵێ: ها گیانە، ئەوە چییە ئەمڕۆ دیارنەبوویت؟ ئەویش ئەڵێ وەڵا بڵێم چی، زۆر زۆر نەخۆش بووم.


* * *

- منالێک لە دایکی ئەپرسێ: دایە. دڵ لە کوێدایە؟ ئەویش ئەڵێ کوڕم لە ژێر قەفەسەی سنگدایە، لەلای چەپەوە، منالەکە ئەڵێ: ئەی بۆ باوکم بە ژنەکەی دراوسێمانی وت دڵم لە دەستی تۆدایە.




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

هەڵسوکەوتت لەگەڵ کەسانی تر باش بکەو دەم بەخەندە بە، دنیا ئەوەندە ناهێنێت، بەخۆشبینی سەرکەوتنی تر بەدەست دێنیت.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

هێزو توانایەکی لە ڕادەبەدەرت هەیە، بەڵام بەرێکوپێکی بەکاری ناهێنیت، هۆش و بیرت بخە گەڕ، داهاتیش بەرەو باشی دەچێت، بەڵام بەباشی بەکاری بهێنە.




**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

هەواڵێکی خۆش بەرێوەیە، گرفتی نیشتەجێبوونت نامێنێت، هەوڵبدە، چیتر خۆت هەڵنەخەڵەتێنیت، ئامۆژگاری دۆستێکت وەربگرە.




**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

ئەوەی چوو، چوو، خۆت بۆ ژیانێکی نوێ ئامادە بکە، لەبواری سۆزداری و کاردا دەرفەتی سەرکەوتنت زۆرە، ئەوەندە بیر لەرابردوو مەکەوە، تازە رابردوو ناگەڕێتەوە.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

سەرکەوتنی بەرچاو لە ئیش و کارەکانت بەدەست دەهێنی، بەڵام لەبواری سۆزدارییەوە ئەوەندە لەخۆبایی نەبیت.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

ئەم خۆشییەت دەتخاتە ناو سۆز و سۆزدارییەوە، ڕەنگە ئەمەش بیر و هۆشت لێ بستێنێ، لەبیریشت بێت کەیف و ڕابواردن پیاو لەخشتە دەبات وەك ئەوەی هەمیشە گیرۆدە بێت.

## وێنەی جیاواز و خاڵی هاوبەش

بۆ زانینی ئاستی زیرەکی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لە نێوان خاڵە جیاوازییەکاندا بدۆزەرەوە

